دەستپاکیی عێراق بە شایستیدان بانگەشتی وەزیری پێشووی دارایی دەکات

دەستپاکیی عێراق بانگهێشتی عەلی عەلاوی وەزیری پێشووی دارایی عێراقی کردووە بەهۆبەستی شایستیدان لەبارەی کێشەکردنەوەی سامانی بڕپرسانی وڵات لە سامانی گشتیی.

لە نوسراوێکدا کە ئەمڕۆ سێشەممە لە دەستپاکییەوە ئاڕاستەی وەزارەتیی دارایی عێراق کراوە، داوای لێدەکات وەزیری پێشووی وەزارەتەکە ئاگادارببکرێتەوە بەهۆبەستی چوونی بە دەستێکە و وەرگرتنی قسەکانی و شایستیدان لەسەر ئەو قسەیەی بە یەکێک لە کەناڵەکانی راگەیاندنی کردووە کە وتوێتی 30 کەسایەتی سیاسیی بازرگان یاخود بازرگانی سیاسی هەن لە عێراقدا سامانەکەیان زیاتر لە یەک ملیار دۆلارە.

دەستپاکیی عێراق دەیوێت ڕوونکردنەوەی لەبارەی ئەو کەسانەوە دەستبکەوێت لەگەڵ ناوی ئەو کەسایەتیانە و ئەو بانکانەی پارەکانیان تێدا هەڵگرتووە یان موڵک و ماڵەکانیان و هەر زانیارییەک کە لەبارەی ئەو کەسانەوە هەیەتی.

ئەمش دوای ئەوە دێت، عەلی عەلاوی وەزیری پێشووی دارایی عێراق ڕۆژی دووشەممە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت و قسەی کرد و ئاماژەی بە 30 کەس کرد کە سامانەکانیان زیاتر لە یەک ملیار دۆلارە و وتیشی، "سەرچاوەی گەورە دەوڵەمەندەکان لە عێراق دەوڵەتە، کە بەشێکی داهاتەکان دابەش دەکرێن و بەشێکی دەدزرێت.